

# راکردنی قەراغی شار لە هەولێر بەڕێوەچوو

بە بۆنەی ساڵیادی شۆڕشـــی ١١ی ئەیلوول بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان ســـەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان-ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راکردنی قەراغی شـــار لە شاری هەولێر بە بەشداركردنی زیاتر لە ٢٠٠ یاریزان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان لە هەر چوار پارێزگای کوردستان ئەنجامدرا.

لەم پێشـــبرکییە ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی حیزبی و حکوومی ئامادە بوون و راکردنەکە لەســـەر رێگەی بەحرکە بەڕێوەچوو و لە بنکەی وەرزش و لاوانی عەنکاوە تەواو بوو.

راکردنـــی کچان بۆ ماوەی ٥ کم بوو و راکردنی کوڕان بۆ ماوەی ١٢ کم بوو و ســـاڵانە ئەم راکردنە بە بۆنەی ١١ی ئەیلوول ئەنجام دەدرێت و ماوەی حەوت ساڵە ئەم پێشبڕکێیە بە بەردەوامی بەڕێوەدەچێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان خەڵاتی گرانبەهای بەسەر یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەش کرد، کە تیاییدا لەسەر ئاستی کوڕان ٢٠ یاریزان و لەسەر ئاستی ٢٠ یاریزان خەڵات کران.

ئەنجامی کۆتایی ئەم راکردنە بەمشێوەیە بوو.

لەسەر ئاستی کوڕان

١- عەلی ئەحمەد شـــاری کەرکووك، ٢- دڵشـــێر خورشید شاری دهۆك، ٣- حەیدەر عەبد عەلی لە شاری کەرکووك.

لەسەر ئاستی کچان

١- دالیـــا ئەحمەد یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی، ٢- ئامال خدر شـــاری کەرکووك،٣- شێنە عەزیز یانەی پێشمەرگەی هەولێر.

# خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵەی کچان لە دهۆک بەڕێوە دەچێت




وا بڕیارە رۆژی چوارشـــەممە ٢٢ی ئەم مانگە خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە لەسەر ئاســـتی کچان لە شاری دهۆك ئەنجام بدرێت، لەم خولە ١٠ یانە بەشداری دەکەن و بەسەر دوو کۆمەڵ دابەش کراون لە هـــەر کۆمەڵێك دوو یانە بۆ چوار گۆشـــەی زێڕین ســـەردەکەوێت دواتر دوو یانە بۆ یاری کۆتایی ســـەردەکەوێت ئەم خولە ماوەی یەك هەفتە دەخاینێت، یانە بەشـــداربووەکانیش بریتین لە (ئەکاد، پێشمەرگەی سلێمانی، سەنحاریب، گارە، برایەتی، کۆیە، تەق تەق، رانیە، سیروانی شارەزوور، حاجی یاوا).

جێگـــەی باســـە یانـــەی ئەکاد پاڵەوانـــی وەرزی رابـــردووی خولەکەیە و چاوەڕوان دەکرێت لەم وەرزە رکابەرییەکی بەهێز هەبێت لە نێوان یانە بەشـــداربووەکان، چونکە یانەکان بەشـــێوازێکی باش خۆیان بۆ ئەم پاڵەوانێتییە ئامادە کردووە و ئەم پاڵەوانێتییە لە لایەن یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

# یانەی هەولێر
# پشت بە حەوت یاریزانی کورد دەبەستێت

دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ٧ یاریزانی تیپی دووەمی یانەکە مۆرکرد بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو لە ریزی تیپی یەکەم یاری بکەن لە خولی بژاردەی عێراق و جامی یەکێتی ئاسیا.

ئەم حەوت یاریزانە لەسەر داوای راهێنەر ئەیوب ئۆدیشو بوو، کە لە وەرزی رابردوو توانیان ئاستێکی بەرز لەگەڵ تیپی دووەمی یانەی هەولێر لە کوردستان پێشکەش بکەن و ببنە جێگەی رازمەندی دەستەی راهێنەرانی تیپی یەکەم.

یاریزانەکانیش بریتین لە (میران خەسرۆ، ئامانج کەریم، تاڵیب رەقیب، ئارام سلێمان، نەوزاد شێرزاد، محەمەد خالید، نیاز محەمەد).

گرێبەستی هەر یاریزانێك ٢٠ ملیۆن دینارە و مووچەی مانگانەیان ٧٠٠ هەزار دینارە و بۆ ماوەی یەك وەرز گرێبەستیان مۆرکردووە.

جێگەی باسە لەگەڵ بانگهێشت کردنی ئەم حەوت یاریزانە ئێستا لە ریزی تیپی یەکەمی یانەی هەولێر ١٢ یاریزانی کورد هەیە.





# یانەی زاخۆ گرێبەستی لەگەڵ کاوە حەسۆ مۆرکرد

هەفتەی رابردوو دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ گۆڵچی هەڵبژاردەی سوریا و یانەی جەیش سووری کاوە حەسۆ بۆ ماوەی یەك وەرز مۆرکرد بۆ ئەوەی لە خولی بژاردەکانی عێراق یاری بکات.

کاوە حەسۆ کوردی سوریایە و دانیشتووی شاری حەسکە-یە و یەکێك لە باشترین گۆڵچییەکانی وڵاتی سوریا لەگەڵ یانەی جەیش ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و چەندین گرێبەستی لە یانەکانی ئێران بۆ هاتبوو، بەڵام گشت ئەم گرێبەستانەی رەتکردووە.

سەرۆکی یانەی زاخۆ عەبدولوەهاب بارزانی لە مەراسیمی مۆرکردنی گرێبەستەکە ئامادە بوو، بەڵام بە رەزامەندی هەردوو لا نرخی گرێبەستەکە ئاشکرا نەکرا.

جێگەی باسە ئەمە دووەمین یاریزانی سوورییە، کە یانەکانی کوردستان گرێبەستیان لەگەڵ مۆرکردووە دوای ئەوەی یانەی دهۆك گرێبەستی لەگەڵ یاریزان بورها صهیونی یاریزانی هەڵبژاردەی سوریا مۆرکرد.

# لە کۆتایی ئەم مانگەدا خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی باسکەی ئافرەتان دەستپێدەکات

وا بڕیارە لە ٣٠ی ئەم مانگە خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باسکەی ئافرەتان دەستپێبکات بە بەشداریکردنی ٥ یانە، سیستەمی ئەم خولە بە شێوازی خول بە دوو قۆناغ بەڕێوە دەچێت و یارییەکانیش چوون و هاتن دەبێت و هەر یانەیەك زۆرترین خاڵ کۆبکاتەوە دەبێتە پاڵەوانی خولەکە و لە خولی نایابی کوردستان هەریەکە لە یانەکانی (ئەکاد، سەنحاریب، گارە، سلێمانی، سیروانی نوێ) و ئەم خولە ماوەی دوو مانگ دەخایەنێت.

خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەم بەمشێوەیە.

ئەکاد — سیروانی نوێ، سلێمانی — سەنحاریب.

یانەی گارە لە هەفتەی یەکەم چاوەڕوانە.

جێگەی باسە خولی نایابی کوردستان لە لایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی کوردستان بەڕێوە دەچێت.



# یاریزانە دەوڵەمەندەکانی خولی NBA

یاریزانانی خولی یانە پیشەگەرەکانی ئەمریکا لە یاری تۆپی باسکە ناسراو بە خولی NBA لە پێشەنگی یاریزانە دەوڵەمەندەکانی جیهان دێن بە تایبەتی لە رووی مووچەوە، مووچەی دەوڵەمەندترین ١٠ یاریزانی خولی NBA بە پێی بۆندەکانیان لەگەڵ یانەکانیان لە ساڵی ٢٠١١ بەم شێوەی خوارەوەیە، ئەم مووچانەش هەردوو ماڵپەڕی (درافت ئەکسپرێس) و (ئۆیل جوبز) بڵاویان کردۆتەوە:

١- کۆبی براینت لە یانەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز بە مووچەی (٢٤,٨٠٦,٢٥٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٢- راشارد لویس لە یانەی واشنتۆن ویزاردز بە مووچەی (١٩,٥٧٣,٧١١) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٣- کیڤین گارنیت لە یانەی واشنتۆن ویزاردز بە مووچەی (١٨,٨٦٦,٩٦٤) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٤- تیم دانکن لە یانەی سان ئەنتۆنیۆ سپێرس بە مووچەی (١٨,٧٠٠,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٥- مایکل رید لە یانەی میلواکی باکس بە مووچەی (١٨,٣٠٠,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٦- پاو گاسۆل لە یانەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز بە مووچەی (١٧,٨٢٣,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.


٧- ئەندرێ کیریلینکۆ لە یانەی یۆتا جاز بە مووچەی (١٧,٨٢٣,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٨- جیلبەرت ئەریناس لە یانەی ئۆرلاندۆ ماجیك بە مووچەی (١٧,٧٣٠,٦٩٤) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

٩- یاو مینگ لە یانەی هیوستن رۆکتس بە مووچەی (١٧,٦٨٦,١٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

١٠- ڤینس کارتەر لە یانەی فینیکس سەنز بە مووچەی (١٧,٥٢٢,٣٧٥) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

شایانی باسە لەم لیستەدا ناوی باشترین یاریزانی خولی NBA لیبرۆن جێمس لە یانەی مەیامی هیت لە خۆ ناگرێت چونکە مووچەکەی تەنها (١٤) ملیۆن دۆلارە.






# رووسیا بووە پاڵەوانی مۆندیالی کەنارەکان

لە کەنارەکانی شاری راڤینای ئیتاڵی یارییەکانی شەشەمین مۆندیالی کەنارەکان لە یاری تۆپی پێ کۆتایی هات، هەڵبژاردەی رووسیا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی ١٢ گۆڵ بەرامبەر ٨ گۆڵ لە هەڵبژاردەی بەرازیلی بردەوە کە هەڵگری نازناوەکە بوو، لە یاری دیاریکردنی پلەی سێیەمدا هەڵبژاردەی پورتوگال بە ئەنجامی ٤ گۆڵ بەرامبەر ٣ گۆڵ لە هەڵبژاردەی سلفادۆری بردەوە، تەواوی ئەنجامەکانی ئەم پاڵەوانەتییە بەم شێوەیە بوو:

ریزبەندی کۆتایی: ١- رووسیا ٢- بەرازیل ٣- پورتوگال ٤- سلفادۆر

خەڵاتی یاری پاك: نایجیریا

خەڵاتی دەستکێشی زێڕین: ئەندرێ بوخلیتیسکی (رووسیا)

خەڵاتی باشترین یاریزان: ئیلیا لیۆنۆڤ (رووسیا)

گۆڵکاری مۆندیال: ئاندرێ (بەرازیل) ١٤ گۆڵ

# ئامارێکی سەرنجراکێش دەربارەی گواستنەوەی یاریزانان

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی لەماڵپەری فەرمی خۆیدا (fifa.com) ئامارێکی سەرنجراکێشی دەربارەی وەرزی هاوینەی گواستنەوەی یاریزانانی بڵاوکردەوە، لەم ئامارەدا چەندین ژمارەی سەیر دەربارەی نرخی یاریزانان و ژمارەی یانەکان و ژمارەی بۆندەکان دێنە بەرچاو:



* سەرجەم یانەکان لە وەرزی هاوینەی گواستنەوەی یاریزانان بڕی (٢,٠٦)ملیار دۆلارییان خەرجکردووە لە ماوەی نێوان ١ی حوزەیران تا ٣١ی ئابی ساڵی ٢٠١١.

* یانەکانی خولی ئینگلتەرا زۆرترین پارەیان لە گواستنەوەی یاریزانان سەرفکردووە بە بڕی (٧٧٧) ملیۆن دۆلار، بە ڕێژەی ٣٨٪ ی بۆندەکانی جیهان.

* ژمارەی بۆندە فەرمییەکان لە هاوینی ٢٠١١ گەیشتە ٥١٩٢ بۆند.

* ژمارەی ئەو یانانەی کە بەشدارییان لە گواستنەوەی یاریزانان کردووە ٢٠٤٣ یانە بوو لە سەرتاسەری جیهان.

* ٣٠٤ سکاڵا پێشکەش کراوە لە لایەن یاریزانان و یانەکان، لەم سکاڵانە ڕێژەی ٧٥٪ سەرکەوتوو بووە.

* گرانترین بۆند کە مۆرکراوە، بۆندی یاریزان سێرجیۆ ئەگوێرۆ بوو لە گەڵ یانەی مان سیتی بە بڕی ٤٥ ملیۆن یۆرۆ، بۆندی یاریزان خافێر پاستۆری لە گەڵ یانەی پاریس سان جێرمان بە بڕی ٤٣ ملیۆن یۆرۆ بە پلەی دووەم دێت، ئینجا بۆندی یاریزان رادمێل فالکاو لە گەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بە بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ بە پلەی سێیەم دێت.



# ئەو یاریزانانەی زۆرترین هاتریکیان لەخولی ئینگلتەرا تۆمارکردووە

لە هەفتە یەکەمەکانی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا بۆ وەرزی ٢٠١١ - ٢٠١٢ ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن زۆر بەرزە و لە هەندێك لە یارییەکاندا یاریزانان هاتریك و سوپەر هاتریکیان تۆمارکردووە، وەك یاریزانان وێین رۆنی و سیرجیۆ ئەگوێرۆ کە هاتریکیان تۆمارکردووە لەو کاتەی ئەدین ژیکۆ سوپەر هاتریکی تۆمارکردووە، لە مێژووی خولی ئینگلتەرا چەندین یاریزان ناوی خۆیان تۆمارکردووە وەك خاوەن زۆرترین هاتریك، ئەمەش ریزبەندی ئەو یاریزانانەیە کە زۆرترین هاتریکیان لە پریمەر لیگ تۆمارکردووە:

١- ئالان شیرەر ١١ هاتریك
٢- رۆبی فاولەر ٩ هاتریك
٣- تێری هینری ٨ هاتریك
٤- مایکل ئۆین ٨ هاتریك
٥- وێین رۆنی ٦ هاتریك

# سانشییز بۆ دوو مانگ لە دەرەوەی بازنەیە



یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا رایگەیاند یاریزان ئەلێکسیس سانشیز بۆ ماوەی ٨ هەفتە لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە بە هۆی پێکانەوە، یاریزان سانشیز لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ریال سۆسیداد لە گێمی یەکەمدا تووشی داروشانی ماسولکە هات و یاریگای بەجێهێشت و لەدوای پشکنینی پزیشکی بەدیارکەوت کە پێویستی بە پشوو هەیە بۆ ماوەی دوو مانگ پێش ئەوەی دەست بە یاریکردن بکاتەوە.

سانشیز بەم پێکانە لە ١٣ یاری یانەی بەرشلونە دوور دەکەوێتەوە لە یارییەکانی خولی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، راهێنەر گواردیۆلا ناچارە پشت بە یاریزانان ئەفیلای و پیدرۆ ببەستێت تا کاتی گەڕانەوەی سانشیز.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## پاڵەوانێتی یارییە سیانییەکانی عێراقی هەڵبژاردەی سلێمانی باڵادەست بوو

لە شاری سلێمانی لەسەر دەریاچەی دوکان بەسەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی یارییە سیانییەکانی عێراقی،پاڵەوانێتی کۆماری بۆهەڵبژاردەی شارەکانی عێراقی بەبەشداری هەریەك لە هەڵبژاردەی شارەکانی (هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، دهۆك، موسڵ، کوت، میسان، دیوانیە، نەجەف، بەسرە) بەشدارییان لە ململانێیەکانی پاڵەوانێتییەکە کرد ماوەی یەك رۆژی خایاند، ماوەی پێشبڕکێیکەش بریتی بوو لە ١٥٠٠مەتر مەلە و٢٢کیلۆمەتر پاسکیل سواری و١٠کیلۆمەتر ڕاکردن، لە ماوەی پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتییەکە ئاستێکی بەرزیان پێشکەشکرد، لە ئەنجامی کۆتایشدا یاریزانی هەڵبژاردەی سلێمانی توانیان کۆنتڕۆڵی پاڵەوانێتییەکە بکەن. ئەمەش ئەنجامی پێشبڕکێیەکەیە.

ئاستی تیپ

١- هەڵبژاردەی سلێمانی ٢٢خاڵ، ٢- هەڵبژاردەی نەجەف ١٧خاڵ، ٣- هەڵبژاردەی هەولێر٨خاڵ

ئاستی تاکی یاریزانان

١-جەوهەرمستەفا سلێمانی، ٢-کەرار ساڵح نەجەف، ٣-سەلام عەمار نەجەف، ٤-بڕوا سەلام سلێمانی، ٥-ئەیمەن رەعد موسڵ، ٦-رێڤین مەحموود هەولێر

لە کۆتایشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.





## ئەمڕۆ شاندێکی گەورەی N.F.BOARD دەگەنە کوردستان

وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە شاندێکی گەورەی N.F.BOARD کە پێکهاتوە لە سەرۆك و ئەندامانی یەکێتییەکە و بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی هەرێمەکانی جیهان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە دوایین ئامادەکارییەکانی کوردستان بۆ میوانداری کردنی پێنجەم پاڵەوانێتی جامی (VIVA)، کە لە ناوەڕاستی مانگی (٥)ی ساڵی ٢٠١٢ بەڕێوەدەچێت و ئاگاداربوون لە رەوشی ئارامی و بەرقەراری ئاسایش و گەشەسەندن و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان لە هەموو لایەك بۆ دڵنیابوون و سەلماندن، بۆ ئەوەی بەرپرسانی هەرێمەکانی جیهان دڵنیابن لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە لە هەرێمی کوردستان.

### لە پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی عێراقی

## سلێمانی وپێشمەرگەی سلێمانی باڵا دەست بوون

لە شاری سلێمانی لە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی پێشمەرگە بەسەر پەرشتی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراقی و بەهاوکاری لقی یەکێتییەکە، قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی یانەکانی عێراق بۆ ئاستی کوڕان کۆتایی هات. کە تێدا هەریەك لە یانەکانی (دهۆك، سۆلاڤ، سلێمانی، برایەتی، ئەکاد، پێشمەرگەی سلێمانی، هەڵەبجە، سەناعە، مەشخاب،کوفە) بەشداریان کرد بۆماوەی سێ رۆژ یاریزانانی یانە بەشداربووەکان ململانێیان بوو لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی خولەکە. یانەکانیش بۆ هەر تیپێك بە پێنج یاریزان بەشداریانکردبوو، لە تەواوی رۆژانی خولەکە یاریزانانی تیپەکانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەشکرد، بە تایبەتی یاریزانانی هەرسێ یانەی سلێمانی وپێشمەرگە وبرایەتی ململانێی بەهێزیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە، سەرئەنجامیش یانەی سلێمانی بۆدووەم وەرز لەسەر یەك توانی نازناوی خولەکە بەدەست بهێنێت. ئەنجامی تیپەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو .

١-یانەی سلێمانی ١٧خاڵ، ٢-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ١٦خاڵ، ٣-یانەی برایەتی ١٢خاڵ

بەم ئەنجامەش هەردوو یانەی سلێمانی وپێشمەرگەی سلێمانی نوێنەرایەتی عێراق دەکەن لەجامی یانەکانی عەرەبی.



## حوسێن عەلی حوسێن بڕوانامەی مامۆستای نێودەوڵەتی شەتڕەنج (IM) بەدەست دێنێت

دوای بەشـــداریکردنی یاریزانی نێودەوڵەتی حوســـێن عەلی حوسێن لە خولێکی داخراوی شەتڕەنجی نێودەوڵەتی، کە لە شاری تبلیسی پایتەختی وڵاتی جۆرجیا لە روژانی ٣١ تاکو ٥ ئەیلولی ٢٠١١ بە بەشـــداری ١٠ یاریزانـــی نیودەوڵەتی کە ٣ یاریزانیان هەڵگری بڕوانامەی مامۆســـتای گەورەن دوو کەســـیان بڕوانامەی مامۆســـتای نێودەوڵەتییان هەیە و دوو یاریزان هەڵگری بڕوانامەی مامۆســـتا و ســـێ یاریزانیش کە ریزبەندی نێودەوڵەتیان هەیە بە سیســـتەمی هەموو دژ یەك بە ٩ جەولە بەڕێوە چوو کە یاریزان حوسێن عەلی حوسێن توانی بە پلەی سێیەم بێت بە کۆکردنەوەی ٥،٥ خاڵ و ئەنجامی کوتاییش بەم شێوەیە بوو

١- بانســـولی لیفـــان جورجیا GM٢،٢٦١٢- ٢- شـــان کوان سەنگافورە FM٢٢١٩،

٣- حوسێن عەلی حوسێن Norm IM٢٣٦٥.




بەم شـــێوەیە یاریزانی ناوبراو بڕوانامەی مامۆســـتای نێودەوڵەتی لە لایەن یەکێتی شـــەتڕەنجی نێودەوڵەتی شەتڕەنج پێبەخشرا، ئەمـــە دەبێتە دووەم یاریزانـــی کورد کە ئەم بڕوانامـــەی وەردەگرێـــت دوای یاریزانی نێوەدەوڵەتـــی نوح عەلی حوســـێن-ی برای.

شایەنی باسە ناوبراو لەگەڵ شاندی تیپی شـــەتڕەنجی عێراقی کوڕان و کچان بەشـــداری مەشقی ڕاهێنان لە وڵاتـــی جۆرجیا دەکات لە ١٤ یاریزان و ٤ ڕاهێنەر پێکهاتبوو.

## لە ڕەوشی نۆژەنکردنەوەی یاریگای کەرکووک پرسرایەوە

بەمەبەســـتی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە ڕەوشـــی نۆژەن کردنەوەی یاریگای نێوەوڵەتی شـــاری کەرکووك، وەفدێکـــی نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆڵۆمپی کەرکووك کە لە هەریەك لە ســـەرۆکی نوێنەرایەتی لیژنەکە و چەند یەکێتییەکی وەرزشی شارەکە وسەرۆکی یانەکانی شاری کەرکووك وچەندین راگەیاندنکار بەشـــداری بەسەرکردنەوەی یاریگەی نێودەوڵەتی شـــارەکەیان کردو لە نزیکەوە ئـــاگاداری ڕەوشـــی کاروچالاکییەکانی نۆژەنکردنەوەکـــە بوون، کاری نۆژەن کردنـــەوەی یاریگاکەش بەهەردوو کۆمپانیای ئاڤا ســـپۆڕتی تورکی و رەشـــیدی عێراقی دراوە کە بڕی ٢٤ملیار دیناری لەلایەن وەزارەتـــی وەرزش و لاوانی عێراقی بۆتەرخان کـــراوە، بۆتـــەواوی نۆژەنکردنـــەوەی یاریگای نێودەوڵەتـــی ئۆڵۆمپی شاری کەرکووك، کە پیشـــتر ئاوارە گەڕاوەکانی شاری کەرکووکی تێدا نیشتەجێبوون،پێشتریش لەسەر داوای وەرزشکارانی شارەکە ئەو یاریگەیە نۆژەن کرایەوە تەواوی ئاوارەکانی ناو یاریگاکەش قەرەبووکرانەوە، قۆناغی نـــۆژەن کردنەوەی یاریگاکەش بـــە دوو قۆناغ دەبێت، قۆناغی یەکەم کە ماوەی شـــەش مانـــگ دەخایەنێت دیزاین کردنـــی یاریگاکە دەبێت، لە قۆناغـــی دووەمیش کە ١٨مانگ دەخایەنێ تـــەواوی یاریگەکە نۆژەن دەکرێتەوە.



## تیپی پایسکلسواری یانەی هەولێر بەشداری لە پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب دەکات

دوای ئەوەی تیپی پایسکلســـواری یانەی هەولێر توانی لە خولی عێراق پلەی دووەم بە دەستبهێنێت، یەکێتی پایسکلسواری عێراق بڕیاریدا یانەی هەولێر و دغارە دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی عێراق بکەن لە پاڵەوانێتی پایسکلسواری یانەکانی عەرەب، کە لە مانگی ١١ لە شاری دوبەی وڵاتی ئیمارات بەڕێوە دەچێت.

ئەم پاڵەوانێتییە لەســـەر ئاستی پێشـــکەوتووان بۆ کوڕانە و یانەی هەولێر پشت بە شەش یاریزان دەبەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنیت و یاریزانەکانیش بریتین لە (ئامانج شێرزاد، جۆڤان تۆمی، سلێمان سامی، ماسیمۆ فەریق، رێباز موزەفەر).

جێگەی باســـە هەریەکە لە عەبدولقادر نورەدین و موسا موحسین ڕاهێنەرایەتی یانەی هەولێر دەکەن و هەردوو ڕاهێنەر لە هەمان کاتدا یاریدەدەری ڕاهێنەری هەڵبـــژاردەی پایسکلســـواری عێراقن و زیاتر لە ٥ یاریزانی یانەی هەولێر لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن و لە وەرزی رابردوو یانەی دغارە پلەی یەکەم و یانەی هەولێریش پلەی دووەمی بە دەستهێنا.

